# سایكۆلۆژیای پەروەردەیی
# Educational Psychology

## بەشی: ئینگلیزی

***2022-10-20***

- **تیۆری سورندایك (1874 - 1949)**

**هەوڵدان و هەڵەکردن ( المحاولة والخطاء ):**

**سۆرندایك بەڕابەری سایكۆلۆژیای پەروەردەیی دادەنرێت و یەکەم کەسە کە زاراوەی ( دەروونزانی پەروەردەیی ) بەکارهێنا, سۆرەندایك بەیەکێك لەو زانایانە دادەنرێت کە گرنگیان بە کاری پەروەردەیی داوە, هەروەها یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشداربوون لە پەرەسەندنی کایەی دەروونزانی پەروەردەیی لەرێگای ئەو دیدو بەرهەمانەی لەوبارەوە پێشکەشی کردوون.**

**- سۆرەندایك هەڵوێستێکی جیاوازی گرتەبەر،لە ڕاڤەکردنی پرۆسەی فێربوون و دروستکردنی پەیوەندی نێوان وروژێنەرەکانْ و کاردانەوەکانیان بۆیە جەخت دەکاتە سەر گرنگی فێربوون لە رێگای هەوڵدان و هەڵەکردنەوە.**

بیرۆکەی تیۆرەکە: گرنگی فێربوون لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە یا فێربوونی هەڵبژاردن و پەیوەندییەوە.

- **تاقیکردنەوەکەی سۆرەندایک:**

پوختەی تاقیکردنەوەکەی سۆرندایک بریتە بوو لە (دانانی پشیلەیەکی برسی لە ناو سندوقێکی داخراودا)، لەدەرەوەی سندوقەکەش خواردنی لە قاپێکدا دادەنا کە بریتیبوو لە ماسی، بەڵام نەیدەتوانی بیگاتێ و بیخوات، ئینجا ئەو پشیلەیە تەنها بە جووڵاندن و ڕاکێشانی دەسکی قەفەسەکە دەیتوانی لەو قەفەسە داخراوە بێتە دەرەوە. سۆرەندایک سەرنجی پشیلە برسیەکەی دەداو دەیبینی کە پشیلەکە بەردەوام هەوڵی هاتنەدەرەوەدا بوو، هەندێک جار گازی لە قەفەسەکە دەگرت، هەندێک جار خۆی پێدا دەکێشا و جاری وا هەبوو بازی دەداوو بەرزو نزم دەبووەوە، هەندێک جار دەستەکانی دەبردە دەرەوەو دەیویست دەستی بگاتە خواردنەکە، بەڵام سەرجەم ئەو هەوڵدانانە (محاولات) بێ سوود بوون و نەدەگەیشتە خواردنەکەی دەرەوەی قەفەسەکە، ئینجا لەبەر ئەوەی پشیلەکە برسی بوو، لە ئەنجامی پاڵنەری برسێتییەوە بەردەوام لە جووڵەو ئەم سەر و ئەو سەرو هەوڵداندا بوو، تا بەرێکەوت یەکێک لەهەوڵە هەڕەمییەکانی بریتیبوو لەفشارکردنە سەر بەرزکەرەوەکە، ئەمە بووە هۆی کردنەوەی سندوقەکە و دەرچوون و خواردنی ماسیەکە. سۆرندایک چەندین جاری دیکە پشیلەکەی خستە هەمان بارودۆخەوە تا وای لێهات لەدواییدا بە کەمترین ماوە سندوقەکەی دەکردەوە واتە دەستبەرداری کاردانەوە نادروستەکان دەبوو و تەنها کاردانەوە دروستەکەی دەهێشتەوە

- **بۆچوونەکانی سورندایک**

1-هیچ وەلاَمدانەوەیەك بیَ وروژێنەر نییە .

2- فێربوون چاکسازییە لەڕێچکەی دەماری ( هەڵسان بەکاری خۆی )

3- فێربوون پەیوەستە بەدووبارەکردنەوەی هەوڵەکان و کەم بوونەوەی کاتی ڕەفتار و هەڵس و کەوتە هەڕەمەکیەکان .

- **یاساکانی فیربوون لای سورندایك:**

**یەکەم/ یاسای کاریگەری:**

**یاسای کاریگەری ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان ورووژێنەر و وەلامدانەوە بەهێز دەبێت ، ئەگەر هات و ئەم پەیوەندیە حالەتێکی دلخۆشی و رازیبوونی لە دوا داهات ، واتە هێزی پەیوەندی پەیوەستە بە دەرئەنجامی کارەکان وە ئەو حالەتەی کەلێی درووست دەبێت .**

لة دوو گۆشە نیگاوە سەیری یاسای کاریگەری دەکرێت:

- کاریگەری باش ← پەیوەندییەکە بەهێز دەبێت ← ئەگەری دووباربوونەوەی کردارەکە بەهێزە
- کاریگەری خراپ ← پەیوەندییەکە لاواز دەبێت ← ئەگەری دووبارەبوونەوەی کردارەکە لاوازە

## دووەم/ یاسای ئامادەباشی: ئەم یاسایە جەخت لەسەر پالنەر دەکات

چەمکی ئامادەباشی لای سورندایك ئاماژەیە بەودۆخە میزاجیەی کە تاکەکەس لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێکی وروژێنەردا تیایدا دەبێ، سۆرەندایك پەیوەندی دەماری وەك ئاماژە کردن بەو دۆخە بەکارهێنا.

- هەروەها پێ ی وابوو کە یاسای ئامادە باشی سێ بارودۆخی هەیە کە ئەمانەن:

1. ئەگەر یەکەی دەماری تاکەکەس ئامادەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات و دەرفەتیش ڕەخسا بۆ ئە نجامدانی، ئەوا دەبێتە هۆی هەستکردن بە خۆشی و ئاسوودەیی.

2. ئەگەر یەکەی دەماری تاکەکەس ئامادەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات، بەلاّم بەربەستێ هاتە رێ و نەیتوانی ئە نجامی بدات، ئەوا دەبێتە هۆی بێزاری و نائاسوودەیی.

3. ئەگەر یەکەی دەماری تاکەکەس ئامادەنەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات، بەلاّم ناچار بکرێ ئە نجامی بدات، ئەوا دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێزاری و نائارامی.

## سێیەم/ یاسای ڕاهێنان / دووبارەبونەوە :

ئەم یاسایە لە دوو یاسای گرنگ پێک دێت کە بریتین لە :

1- یاسای بەکارهێنان : کەئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەیەکبەستنەوە بەهێز دەبێت لەڕێگەی دووبارەبوونەوە و مومارەسەکردن.

2- یاسای پشتگوێخستن ( قانون الإهمال ): واتە وروژێنەر و وەڵامدانەوە پەیوەندیان لاواز دەبێت و لەبیردەکرێت لەڕێگەی پشتگوێخستنی. نموونە: کەسێ زمانێکی بیانی بزانێ و بەکاری نەهێنێ.